# هەر مسوڵمانێک دارێک بڕوێنێت: هەرشتێکی لێبخورێت؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت، و هەرشتێکی لێ بدزرێت؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت، و هەریەکێک شتێکی لێ کەم بکاتەوە؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر مسوڵمانێک دارێک بڕوێنێت: هەرشتێکی لێبخورێت؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت، و هەرشتێکی لێ بدزرێت؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت، و هەریەکێک شتێکی لێ کەم بکاتەوە (لێ ببات)؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت». لە ولە گێڕانەوەیەکدا: «هەر مسوڵمانێک دارێک بڕوێنێت: مرۆڤ یان ئاژەڵ یان باڵندە لێی بخوات؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت لە ڕۆژی قیامەتدا»، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: «هەر مسوڵمانێک دارێک بڕوێنێت یان دانەوێڵەیەک بچێنێت: مرۆڤ یان ئاژەڵ یان هەرشتکی تر لێی بخوات؛ ئەوا بە چاکە بۆی دەنووسرێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: هەرمسوڵمانێک ڕووەکێک بڕوێنێت یان دانەوێڵەیەک بچێنێت، وزیندەوەرێک لە زیندەوەرەکان لێی بخوات؛ ئەوا پاداشتی بۆ ئەو مسوڵمانە دەنووسرێت، تەنانەت لە پاش مردنیشی هەتا ئەو ڕووەک ودانەوێڵەیە بمێنێتەوە، ئەم فەرموودەیە هاندانی تێدایە بۆ ڕووەک ڕواندن ودانەوێڵە چاندن چونکە خێر وچاکەیەکی زۆری تێدایە، وبەرژەوەندی وسوودی دینی ودونیایی تێدایە، هەرکەسێک لێیان بخوات دەبێتە هۆی خێر وچاکە بۆ خاوەنی ڕووەک ودانەوێڵەکە، وسەیرتر لەوە هەرکەسێک لە بەروبوومەکانیان بدزێت، بۆ نمونە کەسێک بێت ولە دارخورمایەک خورما بدزێت؛ ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی نووسینی پاداشت بۆ خاوەنی دارخورماکە، هەرچەندە دزەکەش بناسرێتەوە وخاوەنی دارخورماکە بیدات بە دادگا؛ ئەوا هەر خێری بۆ دەنووسرێت لە لای خوای گەورە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت. بەهەمان شێوە: ئەگەر ئەگەر لەم بەروبوومانە زیندەوەر وئاژەڵی سەر زەوی لێی بخوات ئەوا بە خێر وپاداشت بۆ خاوەنەکەی دەنووسرێت، ولەم فەرموودەیەدا تەنها باسی مسوڵمان کراوە چونکە تەنها مسوڵمان پاداشتی خێرکردن سوودی بۆی دەبێت لە دونیا وقیامەتدا، هەروەکو زانراوە لە ئاینی ئیسلامدا: خوای گەورە هەموو کردەوە چاکەکانی کەسی کافر وموشریک پوچەڵ دەکاتەوە لە قیامەتدا ئەگەرچیش پاداشتێکی کاتیان پێدەبەخشرێت لە دونیادا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3911

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee